# کوردوستانێکی دیموکرات...... یان گەندەڵیو نادیموکراتی

بارزان شوان

ئەمە پرسیارێکی گەلەک گرنگە، ئێمەی میللەتی کورد دەبێت بە خۆمان وەڵامی خۆمان بدەینەوە. من نامەوێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دیموکراسی و بابەتە پۆزەتیفەکانی پێناسەی دیموکراسی و پرۆسەی پێشکەوتن و چەسپاندنی دیموکراسیەت لە کوردوستاندا.

بەڵام ئەوەی من بۆم دەرکەوتوە کە دیموکراسیەت هەرگیزاو هەرگیز بە توندڕەوی کێشەکانی کۆمەڵگاو ئیدارەی کوردوستان ڕێک ناکاتەوەو پرۆسەی چاکسازی دەبێتە تەنها خەوێک بۆ میللەت بە بێ ئەنجامێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی کورتدا، چونکە سزادانی خەڵکیو کوشتن و بڕینی ڕەخنەگرەکانی ئیدارەکانی کوردستان یان ئەوانەی دژی سیاسەتی چەوتی ئەم دوو ئیدارەیەن گەورەترین هەڵە یە بە ناوی دیموکراسیەتەوە دژ بە میللەت لە کوردستاندا دەکرێت.

دیمکراتیەت لە یەکسانیەوە هاتوە وەک چۆن هەستی خۆش بۆ خۆت دەکەیت و چاوەڕوانی ژیانێکی کامەرانتر بۆ خۆت و بۆ کەسوکاری خۆت دەکەیت، دەبێت بۆ بەرامبەرەکەشت هەمان بۆچونت هەبێت، چونکە خۆشی خۆت لە خۆشی بەرامبەرەکەت دەبێت دیاری بکەیت. بەڵام ئەمەیان تەنها قسەیە و سیناریۆیەکی ئاشکرایە لی سەرانی کورد وە بەهیچ جۆرێک کاری بۆ نەکراوە وە بە ئاسانیش کاری بۆ ناکرێت. دیموکراسیەت هەست و خوازی خەڵکو کۆمەڵە بۆ گۆڕین و پێشکەوتن و گەشەپێدانی سیستەمی ئابووریو کۆمەڵایەتیە نەوەک ڕێگاگرتن لەو کەسانە ی هەوڵ دەدات بۆ ئەم گۆڕانکاریانە. وە یان تەنها بیریان لێدەکاتەوە.

خەڵکانێک هەن بیروباوەڕی جوانیان هەیە لە ویستەکانی ڕۆژانە کە دوور نیە نەگونجێ لە گەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵێکی تر لە هەمان کۆمەڵگادا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ ڕێگربیت لێیو بیرەکانی لە ناو بەریت کاتێک کە بۆخۆت دەستەڵاتدار بوویت، هەر وەک چۆن بەخۆت دەزانیت کە جگەرەکێشان زیانبەخشە بۆ تەندرووستی بەڵام هەر دەشیکێشی، دەبێت بە هەمان شێوە سینگت فراوان بێت. دیموکراسیەت پرۆسەیەکە کە هەر هەموومان دەبێت بەشداری تێدابکەین بە هەموو توانایەکەوە کاتی بۆ تەرخان بکەین، بۆیە دەبێت تەقەلایەکی نوێ بدرێت بەرەو بڵاوکردنەوەی دیموکراتیەت وە واتای ئەم پرۆسەیە لە کوردوستاندا بکرێتە پرۆگرامێکی شیکردنەوە لە قوتابخانەکاندا و خوێندکاران هەر لە پلەی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی بکەن و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری بێنن، وە بەم شێوەیە بۆچوون و بیری دیموکراسیەت درووست دەبێت، زۆر جاران لە ژیان و تەمەنی گەورەکاندا ڕێگاو بیرکردنەوەی تەسک و توندڕەوی ئاینی و ڕەوت و کولتووری کۆمەڵایەتی ڕێگاگرن لە دابین کردنی ئەو پرۆسەیە گەر هات وبنکەکەی لە سەر پرۆگرامێکی لۆجیک درووست نەکرابێت، ئەم پرۆسەیەش بێگومان درێژخایەنە. زانایانی ئاینی و مەلا و قەشەو پیاوە ماقوڵان زیاتر دەبێت سنگیان فراوان کەن بۆ داڕشتنی پرۆسەی دیموکراتی نەک بە پێچەوانەوە مزگەوت و کڵێسەکان ببنە بنکەو شوێنی درووستکردنی بیرو ڕای توندڕەوی دژی پێشکەوتن وژیانێکی مۆدێرنتر.

ئێستاکێ خۆمان دەبینین کە لە زۆر وڵاتانی ئیسلامیدا هەندێک لە مەلاو مزگەوتەکان بە جۆشەوە هانی ئەوە دەدەن مێشکی گەنجەکان بشۆنەوەو فێری کوشتن و سەربڕینی خەڵکی بێتاوان دەکەن تاوەکو گەیشتە ئەوەی کە ژن و پیاوێکی هاوسەر ببنە فیدا بۆ ئەوەی سەرکردە ئاینیەکەی زیاتر لێی ڕازی بێت و بگاتە ئەو بەهەشتەی کە مەلا ئاینیەکەی بەڵێنی پێدا بوو، کە چی لە ڕواڵەتا ئەوان بوون بە هۆی کوشتنی کۆمەڵێک لە بێگوناهان. دەستەڵاتی مەلاو پیاوانی ئاینی بەلای منەوە زۆر ترسناک نیە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕیالیزم بەکاربهێنرێت، وە بەڕاستی لە ژێر پەردەی ئاینێدا خزمەتی خودای گەورە بکەن وە سوودبەخش بن بۆ خەڵکان لەو بوارەدا، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو مەلایانەی کە بیریان تەسکە وە پەرۆشی دەستەڵاتن وەکارەکانیان نا مرۆڤانەیەو بۆچوونیان زیانبەخشە ئێستاش دەست بەکارن و مەترسیان لێ دەکرێت بە تایبەتی ئەو مەلایانەی کە دەیانەوێت ئاین دەستەڵاتداربێت و بیکەن بە یاسای مرۆڤایەتی. سەربەستیو

توندڕەوی دوو لقی جیاوازن لە بواری بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا، وە هەر یەک لەو چڵانە خەڵکانێکیان هەن کە باوەڕیان پێ بکات، هەر لەم ڕووەوە دەستەڵاتی دیکتاتۆری تاکەکەس درووست دەبێت لە هەندێک وڵاتانی دواکەوتوودا وە لە هەمان کاتدا دەستەڵاتی پەرلەمانی فرە حیزبی پێکدێت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە ئەمانە هەوڵی بەرژەوەندی بەرزی میللەتەکەیان دەدەن . ڕاستە زۆرینە مافی خۆی هەیە بۆ درووستکردنی حکوومەت لە پرۆسەی دیموکراتیدا بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت کە کەمایەتیەکان بخەنە ژێر فشار و لە مافەکنیان کەمکەنەوە، بە تایبەتی لە وولاتێکی وەک عێراقدا کە لە زۆر میللەت و ئاینی جیاواز پێکهاتوە. لێرەدا ئێمە دەبێت هەوڵی درووست بوونی کۆمەڵێکی ڕۆشنبیرانەی گەورە بکەینەوە کە لە پێکهاتووی عێراق بە هاوپەیمانی یەکتربکەینەوە ئەویش بە ناوی ڕێفراندۆم و چاکسازی وە هەوڵی ئەوە بدەین پرۆسەی دیموکراسی سیاسەتی لێبوردنو خۆشگوزەرانی بچەسپێنین بۆ دواڕۆژێکی گەش بۆ هەموو نەتەوەی عێراق.

بەشێکی ئەکتیڤ و زیندووی پرۆسەی دیموکراتیەت هەڵبژاردنە گەورەترین هێزە بۆ چەسپاندنی ویست و خواستی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، ڕۆڵێکی بڵند دەکەوێتە سەر شانی میدیاو ڕۆژنامەنووسەکان بۆ ئاشکراکردنی پۆخڵاوەتەکانی ئەم حیزب و ئو حیزب و ڕێکخراوانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن. ئەرکە لەسەر شانی هەر یەک لەوان بە ڕوونی بەرسیڤی هەموو پرسیارەکان بدەنەوە بەبێ هیچ نهێنیەک، بەڵکو بە ڕاشکاوی لە بەشەکانیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بە شێوەیە ی بەرنامەی یەکسەری وەڵامەکان بدەنەوە. لەم جۆرە دانشتنانەدا نوێنەری گشت پارت و ڕێکخراوە جەماوەریەکان دەبێت بەشداریان تیادا بکات بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگ بەو کەسە بدات کە بەڕاستی خزمەتکاری گەلە، کە بە هەموو توانایەوە هەوڵبدات بەرەو شارستنیەت و بنەما دییموکراسیەکان پتەوتربکات و کە میللەت بیرو ڕای بە بێ پێچو پەنا لەگەڵ ئەو حیزبەدایە کە دەنگی پێ دەدات، خواستو نیازو ئارەزووی بە پڕانی خەڵک دێنێتە بەر ئەنجام کارو ڕەخساریان لە گەڵ میللەتدا دەبێت بگونجێت، نەوەکە لە ژێر فیشار و پارەو بەڵێنی درۆ خەڵکان هەڵبخەڵەتێنن دوای سەرکەوتنیان پاشگەز بنەوە لە بەڵێنەکانیان کە دابوویان بە میللەت، ئەمەش هەر وەک خۆتان دەزانن لە کوردوستاندا ڕووی داوە. زۆر گرنگە لای من سەرکردەی پارتەکان بە ڕاشکاوی قسە بکەن بۆ میللەت بەبێ سۆز و درووستکردنی ترس و دواڕۆژێکی تاریک کە هەڕەشەی هەڵبژاردراوەکان دەدەن وەک پێشتر بیستوومانە ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن نەکەن ئەوا کوردوستان تێکدەچێ و بوجیەت کەم دەبێتەوە و کوردستان تێکدەدرێت، تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان بمێننەوەو کورسیەکانیان بپارێزن، لای هەموان ئاشکرایە کە سەرکردانی هەردوو ئیدارە هەر ئەوانن هیچ گۆڕینێک بەدی ناکرێو هەمان دەمووچاون ئەمە ساڵەهای ساڵە وە هەر ئەوان بەردەوامن لە بەڕێوەبەرایەتی حیزبەکانیان و ناوچەکانیان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە! تۆ بڵێیت لەو میللەتە کوردە گەورەیە کە چەندەها ساڵە خەبات دەکات خەڵکی تری بە توانا پەیدا نەبووبێت، ماوەکشی بۆ 30-40 ساڵە ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکە بۆ چاکسازی...

سەرکردە کۆردەکانی ئەمڕۆی کوردستان وەک ڕژێمی لەناوچووی وولاتە شیوعیەکان دێتە بەر چاوکە دەهان ساڵ هەر خۆیان خاوەن دەستەڵات بوون ڕەفتارەکانیان بووبە هۆی ئەوەی کە ئەم نا دیموکراتیەتە زۆر بکەوێت لەسەر میللەتەکانیان، کەچی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا هەر چوار بۆ هەشت ساڵێک لە سەدا سەت خەڵکان دەگۆڕدرێن وە دەستەڵات شێوەیەکی جودا وەردەگرێت.

بەڕاستی لەوە ناگەم بۆچی هەندێ لە سەرۆکە حیزبەکانی ئەمڕۆی کوردوستان هێندە تەسک بینن، بۆ نموونە لە دوا ووتەی سەرکردەیەک زۆر بە ڕاشکاوی خەڵکێکی کرد بە بێ ئەخلاق کاتێک کە شەکری شکاند و گوتی ئەوانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ناکەن بیژی و زۆڵن(واتە دایکیان سووکە بە کوردی) ئەم وتەیە ئەگەر لە وولاتێکی دیموکراتی ڕۆژئاوادا بکرایە بێ گومان ئەو سەرکردەیەی ڕەچاوی سزای قانوونی دەکرد چونکە وتەکەی پشت بە کۆمەڵێکەو سووکایەتیان بۆ درووست دەکات، نموونەی دی لە بۆچوون و رەفتاری هەندێک لە سەر کردە بەناو دیموکراتە کوردان زۆرن وەک ئەو ڕۆژەی سەرکردەی پارتێک لە کۆبوونەوەیەکی پارلەمانیدا زۆر بە ڕاشکاوی دەیپرسی کوا کێ باسی گەندەڵی بۆمان کردوە، ئەمە لەخۆیدا زۆر سەیر بوو بەلامەوە، تۆ بڵێی سەرکردەیەکی وا مێژوو درێژ ئاوڕێکی لە دەور و بەری خۆی نەدابێتەوە، هەر ئەوانەی بەس بێت کە حکوومەت و مەکتەبەکەی ئیدارەی هەرێمەکەی بۆ دەبەن بەڕێوە، خۆ هەر هەموویان کوڕ و برازا و خزم و کەسوکاری خۆیین..... ئەگەر ئەمە گەندەڵی نەبێت ئەی گەندەڵی یانی چی؟؟؟.

خۆ بەڵام کاتێک ئەم سەرکردانە پێویستیان بە دەنگی میللەت دەبێت زۆر بە سۆزو بە کزی کەناڵەکانی کوردوستانی ئاسمانی دەگرنە بەر، بە ووتاری پڕ سۆزو رەحم و عاتیفە و لە وەتەری هەستی نەتەوایەتی

خەڵکی دەدەن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەین، بەڵام کاتێک دەستەڵات دەگرنەوە دەست دەبنەوە هەمان گورگی جاران.

ئەوە پازدە ساڵە ئەو دوو ئیدارەیە دەستەڵاتیان هەیەو پارەیان لە بەر داستایە و ناوچەکە پارێزراوە لەلایان هاوپەیمانانەوە، بەڵام بەرامبەر بەوانە تا ئێستا چی بۆ میللەت کراوە.

کاتێک هەردوو ئیدارەکە لە کەرەجی شاری ئێران وولاتانی دەرەوە گەڕانەوەو ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دەستپێکرد خۆ ساحێبی یەک دانە دۆلار نەبوون، بەڵام ئێستا وەرە سەیریان کە هەر لە بچوکیان تا گەورەیان هەتاوەکو خزمەکانیشیان خاوەنی هەزارەها دۆنم زەوی و زارنو شاخ و کێوی کوردوستانیان لە سەر یەک هەروەک برا تاپۆ کردوەو شەپ شەپانێی دۆلار دەکەن ئەمەش هەمووی لە سەر خوێنی ئەم میللەتە هەژارەیە، ئەگەر بەوە نەوترێت گەندەڵی ئەی گەندەڵی یانی چی؟ جگە لەمانەش تۆ وەرە حیسابی ئەو هەموو پارەیە بکە کە بەسەر ئەم دوو ئیدارەیەدا دابەش کراوە و تەرخان کراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردوستان لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی ڕابوردوودا، باشە ئەم هەموو پارەیە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ جگە لەو هەموو یارمەتیانەی دراوە پێیان لە لایەن ڕێکخراوەو ئۆرگانە خێرخوازەکانی دەرەوی وولات، کە بەناوی بووژاندنەوەی کوردوستان وەرگیراوە.

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ وەک بڵێین ئەوە مردو خوا لێی خۆشبێت بەڵام یەک نەگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە تا دوێنێش هۆکارەکەی هەر ناتەباییان بوو لە سەر پارە و دەستەڵات، ئەوان وا دەزانن کە میللەت ئاگاداری ئەم کارە ناڕەوانەیەیان نین یانیش ئەو سەرکردانە وەک نەعامە کە چۆن سەری دەخاتە ناو لمەوە و دەیشارێتەوە بەڵام خۆ لەشە زلەکەی هەر بەدەرەوەیە.

ئەمڕۆموژدەی یەکگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە بوو بە هۆی خۆشی بۆ هەموو کورد، هەر باشە باوکم دوای هاتووچوونی پتر لە دە ساڵ توانیان یەکبگرنەوە. بە یەکبوونەوەی ئەم دوو ئیدارەیە کە ساڵەهای ساڵە دژ بە یەکتر و دژی بەرژەوەندی میللەت کاریان دەکرد، چونکە برا کوژیو ڕووخاندنە دێهاتی لایەنەکانی ترگەورەترین زیانی بەخشیە خەڵکی خەباتکەری کوردوستان. لە بەرزاییەوە چاومانو گوێمان دەبێت زیاتر بەهێزبکەین، بۆ بینینی کردەوەکانی ئەم دوو ئیدارەیە، کاتێک دەبن بەیەک دەبێت چی ببەخشن بە میللەت. بە ڕای من هەر چۆنێک بێت ئەمە زۆر باشترە لەو دزیو جەردەییەی ک پێشووتر دەکران بەبێ چاودێریو ڕەقابەی تایبەت. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە هەر دوو حیزب زۆر بە ڕاشکاوی بووجەی هەموو کوردوستان بخەنە ژێر چاودێری پەرلەمانی کوردوستان. پەرلەمانتەرانیش بێ لایەن بێت و دەستەڵاتی حیزبو پارتە توندڕەوەکانو ئەندامانی پەرلەمان نەبەن بەڕێوە، وە هەموو میزانیەو کردەیەکی نوێ لەلایەن وەزارەتەکانەوە بێت نەوەک لە مەکتەبی پارتە سیاسیەکانەوە. ئەوەی گرنگە لای ئێمەی میللەت لە درووستبوونی ئەم حکوومەتە تازەیە تەرخان دەکرێت لە نێو ئەم دوو ئیدارەیەدا هەڵبستێت بە چاودێریو ڕێکخستنی پڕۆژەی زیندوو لە بواری ئابووریو کۆمەڵایەتیوسیاسی. لە بواری ئابووریدا دەبێت لیژنەیەک تەرخان بکرێت بۆ ئاشکراکردن و لێستاندنەوەی ئەو زەوی و خانو و پارانەی کە زیاتر دراوە بە هەر ئەندامێکی ئەم دوو ئیدارەیە، وە ئەمەیان دەتوانم بژمێرم بە گرنگترین هەنگاو بۆ گەڕاندنەوەی متمانەیو هەستی میللەت ڕووبەڕووی ئەم ئیدارە نوێیە، چونکە ئەمە زۆر دەشکێتەوە لە سەریان ئەگەر چارەسەری نەکەن، بۆ خەڵکی کوردوستان زۆر ڕوون و ئاشکرایە لایان ئەو هەموو تەجاوزانەی کراوە، ئەمەش بێ شک دەبێت سزای قانوونیان بەسەردا بچەسپێت زووتر نەوەک میللەت حەقیان بە زۆردی لێبستێنێت.

ئەو پارانەی سەرف دەکرێت بۆ سەرکردەو ئەندامانی سەرکردایەتی ئیدارەکان کەمبکرێنەوە، چونکە هەر مەسئولێک لە کەمی 5_6 سەرباز و حیمایەو پۆلیسیان بۆ سەرف کرااوە بۆ پاراستنیان کە تەنها یەک یان دووان لەوانە دیارنو پارەی ئەوانی تر دەچێتە گیرفانی مەسئولەکانەوە، پیتاک و یارمەتیو خواردنوچا و سەفەری مەسئولەکان نەمێنن لە دەستگاکاندا کە 90% دەچێتە گیرفانی مەسئولەکانەوە. لیژنەی

بنەبڕکردنی گەندەڵی دەبێت دامەزرێت بە زووترین کات هەر وەک لەو لیژنەیەی هەیە لە بەخدادا، ئەم لیژنەیە دەبێت بێلایەن بێت و دەستەڵاتی تەواوەتیان هەبێت وە پەرلەمانی کوردوستان بە رەسمی دەستەڵاتی بۆ پەیام بکات ئەوەش هەر بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشیە گەندەڵیە کۆمەڵایەتیە، دەبێت بە ڕاشکاوی مەسئولەکان دوور بکەونەوە لە قۆنترات و بازرگانی بە ناوی خزم و کەسوکاریان و سوود لە دەستەڵاتەکنیان وەردەگرن هەتا لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی دائیرەکانیشیان، بەڵکو دەبێت یاسای دامەزراندن بە گوێرەی پلەو زانیاریو خزمەت تایبەتمەندی ئیداری بێت نەوەکە بە واستەو بە ناسین وەک پێشتر دەکران.دەبێت دەستەڵاتی مەسئوولە کۆنەکان کەم بکرێنەوە دەستەڵاتیان سنووربەند بکرێت و یاسا جێی خۆی سەقامگیربکات و بەهێزتر بێت. خاڵێکی گرنگی تر نەهێشتنی دەستەڵاتی مەرکەزیە واتە سێنترال کە جاران تەنها لە مەکتەبی سیاسیو بارەگا حیزبیەکان دەردەچوون، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە درووست کردنی یاسای لیجانە کە لە هەموو دەستگا حکوومەتیەکاندا دابمەزرێن، ئەمەش بۆ ڕێکخستنی کارو باری دەزگاکانە بە بێ دکتاتۆریەتی مودیری گشتی یان وەزیری ئەو دەزگایە.

بە زووترین کات لیژنەیەک درووست بکرێت  بۆ چارەسەر کردنی گرفتی ئەو هەموو ئاوارە کوردانە کە پەنابەرن لە گشت سووچێکی ئەم سەر زەمینەدا، ژیانیان تەئمین بکرێت و جێوشوێنیان بۆ دیاری بکرێت لە کوردوستاندا.

ئەگەر بکرێت هەڵبژاردنی داهاتوو زووتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەمجارەیان خەڵکی بە ئارەزووی خۆی خەلکانێک هەڵبژێرێت کە شایەنی ئەوە بن ببنە ئەندامی پەرلامانی کوردوستان کە دەتوانن بەڕاستی خحزمەت بە خەڵکانی کوردوستان بکەن و دارو دەستەی ئەم و ئەو نەبن ئەو کەسانە نەبن کە بە لیستە ناویان دێنرێت و دەبن بە ئەندامێکی بێ سوود بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان. یەک گرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە بەڕاستی زۆر پێویست بوو وە دەبوایە زووتریش بکرابا بەڵام مخابن درێژەی کێشا و بووبە هۆی ئەوەی کە چەند کەسانێکی خۆویست خۆیان بێننە پێشەوەو بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان بەر لە هەر شتێکی تر بەرچاو دەخست. ئەوەی من دیبینم و هزری پێدەکەم ئەوەیە کە ئەگەر فشاری میللەتو  وڵاتی ئەمریکا نەبوایە ئەم دوو ئیدارەیە مەگەر لە دوورەوە بیریان لەم پڕۆسە گرنگە بکردایەتەوە

، بەڵام ئەم موژدەیە دەبێت تا سەر بێت و ئیدی تو جار بیرنەکەنەوە لەوەی کە میللەت دوور کەنەوە لە قەراخی دەریای ئارامو جێگر. لەمە گرنگتر ئەوە کە بەزووترین کات  دەست کەن بەخزمەتکردنی خەڵکانی کوردوستان کردەوەکانیشیان نەک هەر بە ووتە وبەڵین بێت بەڵکو دەبێت بەکردەوە بێت.